# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- كفن كرا لە چەند جلێكی سپی یەمەنی، نە لە جلی قۆڵدار كفن كرا ونە عەمامەی لەسەر بوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- كفن كرا لە چەند جلێكی سپی یەمەنی، نە لە جلی قۆڵدار كفن كرا ونە عەمامەی لەسەر بوو».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی شێوازی كفن كردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەكات وباسی ڕەنگ وژمارەی ئەو جلانە دەكات كە پێی كفن كرا ئەویش بریتی بوو لە سێ پارچە جلی سپی كە لە یەمەن دروستكرا بوو، وچەند پارچە جلێكی تر، وپۆشینی مردوو دەبێت زیاتر گرنگی پێبدرێت چونكە ئەو لاشەیە سپاردەیە وئەمانەتە وهەروەها ناوبانگ وكەسایەتی ئەو مردووە دەبێت بپارێزێت بەم پۆشینە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5319

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee